نەوەی نو دەرگای دانوستانی بەرووی پارتی و یەکێتی-دا داخست

فراکسیۆنی نەوەی نو لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە دەرگای دانوستانیان بەرووی پارتی و یەکێتی-دا داخست و بەشداری حکومەتی نوێی هەرێم ناکەن.

ئەمڕۆ سێشەممە، فراکسیۆنی نەوەی نو لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە "بەشداریی حکومەتێك ناکەن کە درێژکراوەی هەمان عەقڵیەت و سیاسەتی 34 ساڵی رابردووە، بێیە دەرگای دانوستانمان بەرووی پارتی و یەکێتی داخستووە و بەشداری حکومەت ناکەین".

ئاماژەیان بۆکرد، "دەتوانین سبەی مەسرور بارزانی بکەینەوە بە سەرۆك وەزیران، بەڵام ئەو کارە ناکەین و کە دەیکات با بیکات".

فراکسیۆنی نوێی نو راشیگەیاندووە کە "تۆاوی ئێو پێست و وەزارەتانە رێتدکەینەو کە بەمان پێشنیاز کراو".